## پەیامی هاوخەمی غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتیی YNDK بۆ دانیشتوانی کەمپی مەخموور

### دانیشتوانی کەمپی مەخموور هاوخەمتانین

سڵاو و ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو لایەکتان هەیە ...

دەستی پیرەمێردو پیرەژنەکانتان و چاوی گەشی منداڵەکانتان ماچ دەکەین، دەستی کچ و خورت و یەکەیەکەی دانیشتوانی کەمپ بە گەرمی دەگوشین، هێرش و پەلاماری دوێنی شەو بۆ ئێوەی ئازیز لەناخەوە ئێمەی هەژاند و دڵتەنگی کردین، ئەو هێرش و پەلامارە بۆ سەر ئێوەی خوشک و برایانی باکووری کوردستان لە کەمپی مەخموور بەتوندی ئیدانەو مەحکوم دەکەین و، سەری ڕێز بۆ شەهیدەکان دادەنەوێنین و هیوای زووچاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

بێگومان ئێوە کەس و کار و ئازیزی ئێمەن و هێرش بۆ سە ر ئێوە هێرشە بۆ سەر ئێمەو تەواوی مەخمورییەکان و خەڵکی کوردستان.

_ نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ئەم کارەساتە و تەواوی شەهیدانی ڕێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان.

_ سڵاو لە خۆڕاگریتان.

**دڵسۆزتان**

**غەفوور مەخمووری**

**سکرتێری گشتیی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**٧ / ١٢ / ٢٠١٧ هەولێر _ کوردستان**